سودانی: ئازادی هاوڕێیەن بە دیارترین دەستکوتکانی قەناغی گواستنەوەی دوای ساڵی 2003 دادنرێت



سەرکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ یەکشەممە، دووپاتی کردەوە کە ئازادی بیروڕا و هاوڕێیەن بە دیارترین دەستکوتکانی قەناغی گواستنەوەی دوای ساڵی 2003 دادنرێت.

نوسینگەی هاگیاندنی سەرکی ئەنجومەنی وەزیران لەهاگیەندراوەکدا کەدستی موتەبع کوتووە،بڵاویکردەوە،

سەرکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ یەکشەممە، پێشوازی کرد لە نقیبی ڕۆژنامەنووسانی عێراق بەرز خالید جاسم و هەردوو جێگرەکەی و ئەندامانی ئەنجومەنی نوێی سندیکاکە.

وتیشی سەرۆک وەزیران پیرۆزبایی لە نقیب و هەردوو جێگرەکەی و ئەندامانی ئەنجومەنەکە کرد بە بۆنەی بەدەستهێنانی متمانەی هاوکارەکانیان و ستایشی ڕۆڵی سندیکاکە و گرنگییەکەی کرد و جەختی لەوە کردەوە کە ڕۆژنامەنووسان هاوبەشی دەوڵەتن، بەو پێیەی میدیای پیشەیی یاوەری حکومەت بووە لە چەندین قەناغدا و بەشداریی کردووە لە تێشک خستنە سەر دەستکوتکانی.

سەرکی ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی بە گرنگی میدیا و ڕۆڵی سەرکی لەو چاکسازیانە کرد کە لە لایەن

حکومەتەوە جیاجیا دەکرێن و جەختی کردەوە لەسەر پێویستی پابەندبوون بە ڕێژنامەگەری پیشەیی و بابەتیانە و ڕێخنەی بنیاتنەر، هەروەها جیاکردنەوەی لە هەوەی زانیاری هەڵە و شواندن.

سودانی ئەوەی دووپاتی کردەوە کە ئازادی بیروڕا و ڕادەربڕین بە دیارترین دەستکەوتەکانی قۆناغی گواستنەوەی دوای ساڵی 2003 دادەنرێت و ئاماژەی بە پێویستی هاوکاری بە پاراستنی کرد و جەختیشی لەوە کردەوە کە حکومەت دەستوەردان لە کارەکانی سندیکا ناکات، بەڵکو پشتیوانی سەربەخۆییەکەی دەکات، دوور لە هەر فشار و بڕبڕستێک، هەروەها ئەو قوربانیانەی وەبیر هێنایەوە کە کەمەگای ڕێژنامەگەری بە شەهید و بریندارێشەوە لە پێناوی گواستنەوەی ڕاستیدا داویانە.